کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# ڕێگای کوردستان

REGAY KURDISTAN

یەکەمین ژمارەی بە نێوی (ئازادی)یەوە لە نیسانی 1944 دا دەرچووە

نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی بەختیار

دیموکراسی بۆ عێراق

مافی بڕیاردانی چارەنووس

بۆ گەلی کوردستان

ژمارە (441)ی ساڵی (56)

دووشەممە (19)ی فبرایەر

(22)ی ڕێبەندانی 2700 ی کوردی

هەفتەنامەیەکی سیاسییە * حزبی شیوعی کوردستان - عێراق

## ڕاگەیێنراو

قسەکەرێك بە ناوی وەزارەتی نێوخۆی هەرێمی کوردستانەوە ڕایگەیاند: سەعات هەشت و نیوی سەرلەبەیانی ئەمڕۆ 2001/2/18 هەڤاڵی تێکۆشەر فرەنسۆ هەریری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپەرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە شاری هەولێردا و، کاتێك بەرەو شوێنی کارکردنی دەڕۆیشت کەوتە کەمینی کۆمەڵە تێڕۆریستێکەوە، لە ئاکامی تەقەکردن لە کەژاوەی هەڤاڵی تێکۆشەر فرەنسۆ هەریری و یەکێك لە یاوەرەکانی کوژران و ژمارەیەکی دیکەی پاسەوانانە کانیشی بریندارەوون. لە کاتێکدا ئەم ڕووداوە دڵتەزێن و زیانە گەورەیە بە جەماوەری کوردستان ڕادەگەیێنین، دووپاتی دەکەینەوە کە تێڕۆر ڕێگە لە تێکۆشانی شەهید فرەنسۆ و ئەو پارتە ناگرێ کە لە باوەشیدا پێگەیشت، تاوانبارانیش زوو یان درەنگ بە سزای گەل دەگەن.

قسەکەرێك بە ناوی وەزارەتی نێوخۆوە

# لەپێناو خوێندنەوەیەکی بابەتیانەی هەل و مەرجی کوردستان و پتەوکردنەوەی ڕێکخراوەکانی حزبمان و بە جەماوەری کردنی با خەباتمان جۆش بدەین بۆ هێنانەدی ئاشتی و ئاشتبوونەوەی گشتی و ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی کوردستان

## حزبی شیوعی کوردستانیمان کۆتایی بە کۆنفرانسە گشتییەکەی دەهێنێ و بەلاغێکی کۆتاییش دەردەکات

### بەوەی خوارەوە دەقی ئەو بەلاغی کۆتاییەیە

حزبی شیوعی کوردستان- عێراق، ڕۆژی 15 و 16ی شوباتی 2001، بە بەشداریکردنی هاوڕێ ئەبو داود سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق و هاوڕێ عەزیز محەمەد و نوێنەرانی ڕێکخراوە حزبییەکان لە کوردستان و دەرەوە و لیژنە تایبەتمەندە ناوەندییەکان و چەند کادێرێکی سەرکردایەتی، کۆنفرانسی گشتی حزبیی خۆی بەست.

دوای دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی شەهیدانی حزب و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی و بزاڤی نیشتمانیی عێراق، کۆنفرانسەکە بە وتارێکی هاوڕێ کەریم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی حزب کرایەوە، بەڕێز سکرتێری حزب لە وتارەکەیدا ڕۆشنایی خستە سەر بایەخی ئەو کۆنفرانسە لە نرخاندن و هەڵسەنگاندنی کارو چالاکیی سیاسی و هزرو ڕێکخستنی حزب و لێبڕدبوونەوەی هەڵوێست و بۆچوون و ڕێبەرەکانی خەباتی، هەروەها بارودۆخی سیاسی و ئەو مەترسی و تەحەددایانەی لەبەرچاو گرت کە دەوری کێشەی عێراقیان داوە بە گشتی و کێشەی کوردستان بە تایبەتی و چەقی لەسەر ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بەست وەك تاکە ڕێگەیەك بۆ سەرخستنی ئەو ئەزموونە و وەدیهێنانی فیدراڵی لە عێراقێکی دیموکراتی فرەحزبیداو بەشداری کردن لە خەباتی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی عێراق بۆ ڕزگاربوون لە دیکتاتۆرییەت و پێکهێنانی جێگرەوە (ئەلتەرناتیڤ)ێکی دیموکراتی ئاوات بۆ خوازراو. هەروەها ئاماژەی بۆ کۆمەڵە کێشەیەکی بنچینەیی و ئەو ئەرکانە کرد کە واقیعی تازە دەیخاتە بەردەمی حزب و سەرجەم بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی و بزاڤی نیشتمانیی عێراقی.

دوای ئەوە، هەردوو هاوڕێ عەزیز محەمەد و ئەبو داود دوو وتاری بەنرخیان لە کۆنفرانسەکە خوێندەوە.

ئینجا دوای ئەوە کۆنفرانسی حزب کارەکانی خۆی لە کەشو هەوایەکی دیموکرات و هەستی بەرز بە بەرپرسیارێتی کردن و ڕژدبوون لەسەر لێبڕدبوونەوەی سیاسەتی حزب و وەرچەرخاندنی بۆچوونەکانی بەو ئاراستەیەی پایە و پێگەی حزب لە مەیدانی (گۆڕەپانی) کوردستانی و عێراقیدا پتەو دەکات. هەروەها نوێنەرەکان ڕاپۆرتەکانیان خستە بەرچاو لە چوارچێوەی ئەو ڕاپۆرتانەدا وتوێژیان لەبارەی پەرەسەندنە سیاسییەکانی ئەم دوو ساڵەی دوایی لەسەر ئاستی کوردستان کرد، هەروەها وتوێژیشیان لەبارەی ئەو دەستکەوتانە کرد کە بۆ گەلی کورد لەبواری نێونەتەوەیی و ناوخۆ وەدەست هاتوون و پەنجەشیان بۆ خاڵی لاوازی و کەموکوڕی و ڕێگەچارەسەرکردنیان ڕاکێشا بۆ پتەوکردنی بەرەی ناوخۆ و یەکخستنی هەڵوێستە کوردستانییەکان بەرامبەر ئەگەری پەرەسەندن و گۆڕانداا، ئەمەش لەڕێی چەسپاندنی دیموکراسی و مافی مرۆڤ و حوکمی یاسا و وەدیهێنانی پێویستی و بەرژەوەندییەکانی جەماوەر، بە تایبەتیش جەماوەری زەحمەتکێش.

هەروەها، نوێنەرەکان بارودۆخی عێراق و ئابلوقەی ئابووری و سیاسەتی ڕژێم و گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان بە کاروباری عێراقیان خستە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە، لەوانەش هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئیدارەی تازەی ئەمریکا، ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و بارودۆخ لە نێو عێراقدا.

کۆنفرانس بارودۆخی گەلی کوردستانیمان و بزاڤە ڕزگاریخوازییەکەی لە هەرێمەکانی تردا باس کرد و جەختی لەسەر بەردەوامیی پشتگیری و پشتیوانی خۆی بۆ گەلەکەمان کرد بۆ وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی و نارەزایی خۆیشی بەرامبەر ئەو سیاسەتە شۆڤێنییانە دەربڕی کە ئەو حکومەتانە دژی گەلەکەمان پەیڕەوی دەکەن و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە هیچ ڕێگایەك بۆ ئارامی ناوچەکە نییە بەبێ دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکی ئاشتییانە و دیموکراسییانەی ڕەوا و دادپەروەرانە بۆ کێشەی گەلی کورد.

لەلایەکی دیکەشەوە، نوێنەرەکان، بارودۆخی نێودەوڵەتییان بە شێوەیەکی گشتی و بارودۆخی بزووتنەوەی چەپ و نارەزایی زیان لێکەوتووەکانی جیهانگەرایی (عولەمە)ای سەرمایەداری و بارودۆخی ناوچەی عەرەبی و کەشو هەوای کرانەوە لە هەندێ وڵات بە شێوەی تایبەتی خستە بەرباس و لێکۆڵینەوەوە، سەرەڕای گرێ کوێرەی پرۆسەی ئاشتی و بەردەوامیی ڕاپەڕینی گەلی فەلەستینی نەبەرد.

هەروەها، کۆنفرانس بایەخێکی زۆری بە بارودۆخی ڕێکخستن و جەماوەر و هۆی جوولانەوەو پەرەسەندنی، خاڵی لاوازی و بەهێزی داو چەندان بڕیار و ڕاسپاردەی خستە ڕوو بۆ بەرزکردنەوەو هەڵساندنەوەی و چاککردنی ئەنجامدانی کارەکانی بۆ ئەوەی دەوری پێویست لەم قۆناغە ناسکەی خەباتکردنماندا بگێڕێت.

کۆنفرانسی حزب لە کۆتایی کارەکانیدا، بڕیاری دا بانگەوازێك ئاراستەی هەردوو خەباتگێڕ کاك مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی و سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بکات بۆ پەلەکردن لە جێبەجێ کردن و تەواوکردنی هەنگاوەکانی ئاشتبوونەوەی نیشتمانی کوردستانی و گەیشتن بە چارەسەری کۆتایی لەپێناو خزمەتکردنی کێشەی گەلی کوردمان کە خەریکە خۆی بۆ ڕێز لێنان و ئاهەنگ بەبۆنەی دەیەم ساڵبڕۆژی ڕاپەڕینی شکۆداری ئادار ئامادە دەکات و چاوی بڕیوەتە دووبارە یەکخستنەوەی هەرێمی کوردستان و یەکێتی هەڵوێستی سیاسی کوردستان بەرامبەر بە ڕووداوەکان و ئەگەری گۆڕانکارییەکان و پتەوکردنی ئەزموونەکەمان و وەدی هێنانی فیدراڵیزم.

هەروەها بڕیاری دا ڕێکخراوەکانی حزب و هاوڕێ و لایەنگرانی ئاراستە بکات بۆ ڕێزلێنانی بۆنەکانی ئادار بەشێوەیەك کە شیاوی ئەو بۆنانە بێت، بە تایبەتیش ڕاپەڕین، ئەو ڕاپەڕینەی کە سەرلەنوێ کێشەی کوردی پاڵ پێوەنا بۆ نێو کۆڕو کۆمەڵی نێودەوڵەتی و گەلێك سەرکەوتن و دەستکەوتی گەورەو بەرچاوی بۆ گەلی کورد و کێشە ڕەواکەی وەدیهێنا.

سەبارەت بە پەرەسەندنی کێشەی فەلەستینی و ڕەوایەتیی ئەو کێشەیە، کۆنفرانس بڕیاری دا نامەیەکی سلاو و هاوکاری و پشتگیری ئاراستەی گەلی فەلەستین و هێزە خەباتگێڕەکانی بکات و پشتگیریی تەواوی شیوعییە کوردستانییەکانی بۆ گەلی فەلەستین و ڕاپەڕینە پاڵەوانانەکەی و کێشە ڕەواکەی و مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی کە پایتەختەکەی قودسە و تاوانبارکردنی ئیسرائیل لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی سەرکوتکردن، تازە کردەوە.

لە کۆتایی وتوێژەکانیشدا، کۆنفرانس بڕیاری دا، ئەو ڕاپۆرتە سیاسییە دەرکات کە بۆ کۆنفرانس ئامادەکرابوو دوای زیادکردنی ئەو دەستکاری و هەموارکردنانەی لە لایەن هاوڕێیانەوە خرابوونە ڕوو.

ئەوەبوو، کۆنفرانس بە سروودی نێونەتەوەیی و ئاراستە کردنی ڕێزو سلاو بۆ بنەماڵەی شەهیدان و پێشمەرگەو خەباتگێڕانی حزب لە هەموو پێگەکانی کارو خەبات کردن و هەموو خەباتگێڕان لە پێناوی ئاشتی و دیموکراسی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، کۆتایی بە کارەکانی هێنا.

**کۆنفرانسی گشتی**

**حزبی شیوعی کوردستان- عێراق**

**15- 16ی شوباتی 2001**

## کارێکی تێڕۆریستی چەپەڵ

سەرلەبەیانی دوێنێ سەعات هەشت و نیو لە کاتێکدا کە کاك فرەنسۆ هەریری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی و بەرپرسی لقی دوو. بەرەو بارەگای لق دەڕۆیشت لەسەر شەقامی شەست مەتری لەلایەن تاقمێکی تێڕۆریست درایە بەر گوللە و خۆی و یەکێك لە پاسەوانەکانی گیانیان لە دەستدا، بەم بۆنەیەوە وەزارەتی ناوخۆ ڕاگەیێنراوێکی کورتی بڵاوکردەوە.

مەکتەبی سیاسی حزبمان بەم بۆنەیەوە بروسکەیەکی ئاراستەی بەڕێز مەسعود بارزانی و کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی:

**بۆ بەڕێز کاك مەسعود بارزانی**

**بۆ بەڕێز کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان**

بەداخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی تێڕۆرکردنی کاك فرەنسۆ هەریری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی پەرلەمان و بەرپرسی لقی دوومان پێگەیشت، لەلایەن تاقمێکی تێڕۆریستی دژ بە هێمنی و ئارامی لە کوردستاندا. تێڕۆرکردنی کاك فرەنسۆ زیانێکی گەورە بوو بۆ کێشەی ڕەوای گەلەکەمان، لەو کاتەی کە پرسە و سەرەخۆشی خۆمان بە ئێوەی بەڕێز و کۆمیتەی ناوەندی و کەس و کاری ڕادەگەیەنین، نارەزایی توندی خۆمان لە دژی ئەم کارە تێڕۆریستە دەردەبڕین و داوا دەکەین بە وردی لەم تاوانە چەپەڵە بکۆڵدرێتەوە و تاوانباران دەستگیر بکرێن و دادگایی بکرێن بۆئەوەی بە سزای خۆیان بگەن، بشبێتە پەند بۆ هەموو تێڕۆریست و دوژمنانی ئەزموونەکەمان.

**مەکتەبی سیاسی**

**حزبی شیوعی کوردستان عێراق**

2001/2/18

## لە کوردستان و دەرەوەی وڵاتدا شکۆمەندانە ڕۆژی شەهیدی شیوعی یادکرایەوە

***هەولێر**

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 14 شوباتی 2001 بەبۆنەی ڕۆژی شەهیدی شیوعییەوە کۆڕێك لە بارەگای کۆمیتەی پارێزگای هەولێری حزبمان ساز درا و، تێیدا هاوڕێیان کەریم ئەحمەد سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی کوردستان و، حەمید مەجید موسا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق و، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەردوو حزب و ژمارەیەکی زۆری کادیرانی حزب و کەس و کاری شەهیدان ئامادەبوون.

سەرەتا هاوڕێ مامۆستا قادر گوتاری مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانی خوێندەوە و پاشان هاوڕێ سەعدون وتاری کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقی پێشکەش بە ئامادەبووان کرد.

دواتر وتاری بنەماڵەی شەهیدان خوێنرایەوە و، ئینجا هاوڕێ یوسف وتاری کۆمیتەی پارێزگای هەولێری پێشکەش کرد. دواتر کۆمەڵێ چالاکی هونەری پێشکەش کران.

ئامادەبووانی مەراسیمەکە یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی بەڕێزان کاك مەسعود و مام جەلال کرد. دەقی یاداشتنامەکە لە لاپەڕە (2)دا بخوێنەوە.

*** سلێمانی**

ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 13 شوباتی 2001، مەراسیمی ڕۆژی شەهیدی شیوعی بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی فراوان و خێزانی شەهیدان و هاوڕێیان و دۆستانی حزب و نوێنەرانی لایەنە سیاسی و کۆڕو کۆمەڵە دیموکراتی و پیشەییەکان و ژمارەیەك لە وەزیرە بەڕێزەکان و بەرپرسانی دامودەزگاکانی حکومەت لە هۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی بەڕێوە چوو.

سەرەتا شانۆگەرییەك لەلایەن تیپی منداڵانی ئازادی هەڵەبجەی شەهید پێشکەش کرا. پاشان بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان کرا، دوابەدوای ئەوە بەدەم سرودی ئەنتەرناسیۆناڵەوە، دەقیقەیەك بۆ گیانی پاکی شەهیدانی حزب و گەل و سەرجەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان وەستان.

وتاری کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی لەلایەن هاوڕێ سوبحی مەهدی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و سکرتێری کۆمیتەی پارێزگای سلێمانی خوێندرایەوە.

وتاری حزبی شیوعی عێراق لەلایەن هاوڕێ سەعدون ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراقەوە خوێندرایەوە.

پاشان بروسکەی لایەنە سیاسی و جەماوەرییەکان خوێندرانەوە.

چەندان سرود و مۆسیقا بەو بۆنەیەوە لەلایەن تیپی مۆسیقای ئازادییەوە پێشکەش کران.

ئەمەو بەشداربوانی کۆڕەکە یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی بەڕێزان کاك مەسعود و مام جەلال کرد کە دەقەکەی لە لاپەڕە (2)دا بڵاو کراوەتەوە.

*** شەقڵاوە**

پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 13 شوباتی 2001 ڕۆژی شەهیدی شیوعی بە ئامادەبوونی هاوڕێیان دکتۆر سامی خالید ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراق و ئەبو حوزام و کەسوکاری شەهیدان و

بۆ ل11